## مەرجەکانی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان

## کۆمپانیای فەیسبووک ٢٠٢٣

ئەم مەرجانەی خوارەوە (مەرجەکانی ڕیکلامی خزمەتگوزاریی خۆیی) بەکارهێنانی تۆ بۆ بەرهەمەکانی مێتا دەگرێتەوە و بەسەر ئەواندا جێبەجێ دەکرێت (بەرهەمەکان وەک: ڕووکارەکانی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان وAPI ەکان (ڕووکاری پرۆگرامە سۆفتوێرییەکان- Application Program Interface) ئەمەش بە سوودە بۆ دروستکردن، پێشکەشکردن یاخود گواستنەوەی هەر ڕیکلامێک یانیش چالاکی و بابەتێکی سپۆنسەرکراو (بە گشتی: ڕووکاری ڕیکلامی خزمەتگوزارییە خۆییەکان) و هەر تەڵەبێک کە تۆ بە نێو ڕووکاری ڕیکلامی خزمەتگوزارییە خۆییەکاندا بینێریت. (تەڵەب و داواکارییەکان)

دەتوانیت بینەرانی مەبەستت بکەیت بە ئامانج لە ڕێگەی کڕینی ڕیکلامەکانەوە بۆ ئەوەی لە فەیسبووک، مەسنجەر، ئینستاگرام، تۆڕی بڵاوکەرەوەکانمان یاخود لە هەر جێیەکی تردا کە ئێمە خزمەتگوزاریی ڕیکلامەکانی تێدا پێشکەش دەکەین.

١) کاتێک تەڵەب یاخود داواکارییەکمان پێشکەش دەکەیت، تۆ جۆری ئەو ڕیکلامەمان بۆ دیاری دەکەیت کە دەتەوێت بیکڕیت، لەگەڵ بڕی ئەو پارەیەی کە دەتەوێت خەرجی بکەیت، لەگەڵ بڕە پارەی پێشنیارکراوت. ئەگەر ئێمە داواکارییەکەی تۆمان قبوڵ بێت، ئەوا ڕیکلامەکانت دەگەیەنینە جێ لە کاتی بەردەستبوونی پێڕست و لیستەی مەخزەنی ڕیکلامەکان (لیستێک هەموو ئەو شتانەی تێدایە  کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت). بە گوێرەی بەشی پێنجەم، کاتێک ئێمە خزمەتگوزاریی ڕیکلامەکانت پێشکەش دەکەین، تەواوی هەوڵی خۆمان دەدەین بۆ ئەوەی ڕیکلامەکان بە ئەو بینەرانە بگەیەنین کە تۆ هەڵیان دەبژێریت یانیش ئەو دەرئەنجامە بەدەست بهێنین کە تۆ دیاری دەکەیت، ئەگەرچی ئێمە ناتوانین گەرەنتی ئەوە بکەین کەوا لە هەموو بارودۆخەکاندا ڕیکلامەکەی تۆ دەگات بە ئامانجی مەبەست یاخود ئەو دەرئەنجامەی دەبێت کە تۆ دیاری دەکەیت.

٢) مەرجە ڕیکلامەکانت پابەندبن بە هەموو ڕێنماییە کارپێکراوەکان، یاسا و ڕێسا و بەرچاوڕوونییەکان، هەروەها سیاسەتەکانی ڕیکلامەکانی ئێمە لە فەیسبووک. پابەندنەبوون بەم مەرجانە لەوانەیە چەندین دەرئەنجام بەدوای خۆیدا بهێنێت، لەوانە: هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕیکلامانەی کە داتناون، هەروەها ڕاگرتن و لەناوبردنی ئەکاونتەکەت.

٣) دەکرێت و دەتوانین بە هەر هۆکارێک بێت هەر جۆرە ڕیکلامێک ڕەت بکەینەوە یاخود بیسڕینەوە.

٤) تۆ بە گوێرەی ئەم مەرجانەی خوارەوە پارەی تەڵەب و داواکارییەکانت دەدەیت:

أ) پێویستە تا زۆرترین ئاست پابەند بیت بە مەرجەکانی پارەدانی کۆمەڵگا.

ب) پێویستە بۆ هەر داواکارییەک کە پێشکەشی دەکەیت کۆی پارەی دیاریکراو بدەیت، لەگەڵ هەر باجێک کە پێوست بکات بدرێت. ئەو بڕە پارەیەی کە قەرزار دەبیت بۆ هەر داواکارییەکی پێشکەشکراو بە پشتبەستن بەو میکانیزمی بەدواداچوونانەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین، هەژمار دەکرێت.

ت) بە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، تۆ مافی ئەوەمان پێدەدەیت کە ڕاپۆرت و گرێبەندی تایبەتی یاخود بازرگانیی تۆ لە نووسینگە و بەڕێوەبەری قەرز وەربگرین، ئەمە یان لە کاتی پێشکەشکردنی داواکارییەکەدا دەبێت یان لە هەر کاتێکی دوای ئەوەدا بێت.

ث) تۆ خۆت بەرپرسیاریت لە پاراستنی ئاسایشی ئەکاونتی ڕیکلامەکەت، هەروەها دەبێت لەوە تێبگەیت کەوا پارەت لەسەر هەژمار دەکرێت بۆ هەر داواکارییەک کە لەلایەن ئەو ئەکاونتەوە یاخود لە ڕێگەی ئەو ئەکاونتەوە پێشکەش دەکرێت.

ج) ئەگەر تۆ پارە بە شێوەی ڕاستەوخۆ واسڵ بکەیت، ئەوا ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر ئەوەی کە دەتوانین هەر بڕە پارەیەکت لەو مەودایەدا لەسەر هەژمار بکەین کە لە کاتی خۆتۆمارکردندا ڕەزامەندیت لەسەری دەربڕیوە. ئەگەر هەر داواکارییەک لە مەودای ڕێککەوتنلەسەرکراو زیاتر بوو، پێشوەختە ئاگادارت دەکەینەوە.

ح) دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بێت داواکارییەکەت هەڵبوەشێنیتەوە، بەڵام ڕەنگە دوای ئاگادارکردنەوەی ئێمە ڕیکلامەکەت بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر هەر بەردەوام بێت لە کارکردن، بۆیە تۆ بەرپرسیار دەبیت لە بەرانبەر پارەدان بۆ هەموو ڕیکلامە کاراکان.

خ) ئەو بڕە پارەیەی کە ئێمە لە تۆی وەردەگرین لەوانەیە باج و کرێی کارپێکراو لەخۆ بگرن، بەڵام سنووردار نەکراوە بە باجی ڕاگرتن. تۆ بەرپرسیاریت لە هەڵگرتن و پێدانی هەر باجێک کە مامەڵەکانت دەگرێتەوە. لە ئەگەری هەڵنەستانت بە ئەو کارە و لە هەر داوایەک کە لە دەرئەنجامی هەڵنەستانت بە ئەو کارە سەرهەڵدەدات، تۆ ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر ئەوەی کە قەرەبووی ئێمە بکەیتە و بێ زیان بمانهێڵیتەوە.

د) ئەگەر شێوازی پارەدانەکەت سەرنەگرێت یان ئەکاونتەکەت دواکەوتبوو لە پارەدان، لەوانەیە ئێمە هەنگاوی زیاتر بنێین بۆ کۆکردنەوەی ئەو بڕە پارانەی کە واسڵ کردنیان دواکەوتووە. تۆ ڕەزامەندی لەسەر پێدانی هەموو خەرجییەکی پەیوەست بەو جۆرە کۆکردنەوانەوە دەدەیت، لەوانە: کرێی پارێزەری گونجاو. بڕە پارە واسڵ نەکراو و دواکەوتووەکان و خەرجییەکان مانگانە کە بە ڕێژەی ١٪ سوودیان دەچێتە سەر یانیش زۆرترینی ئەو بڕە پارەیەی کە یاسا ڕێگەی پێداوە، کامیان کەمتر بێت ئەوەیان دەبێت.

ذ) لەوانەیە ئێمە ڕێگەت پێبدەین ڕیکلامەکان بکڕیت بە بەکارهێنانی "باڵانسی ڕیکلامکەر"، کە باڵانسی پێش پارەدانە کە تەنها دەتوانرێت بۆ کڕینی ڕیکلامەکان لە مێتا بەکاربهێنرێت. باڵانسی ڕیکلامکەر تەنها بۆ مەبەستی بازرگانییە. ناتوانرێت باڵانسی ڕیکلامکەر بگەڕێندرێتەوە مەگەر لە حاڵەتێکدا یاسا داوای بکات. کۆمپانیای مێتا بانک نییە، خزمەتگوزاری بانکیش پێشکەش ناکات، و هەربۆیە باڵانسی ڕیکلامکەر هیچ سوودێک بەدەست ناهێنێت، و بە وەبەرهێنان نازانرێت، و لەلایەن "کۆمپانیای بیمەی وەبەرهێنانی فیدراڵی"ەوە بیمەی پێ نەدراوە، یانیش لە لایەن "پلانی قەرەبووکردنەوەی خزمەتگوزارییەکان"، یان لە هیچ لایەنێکی ترەوە بیمە ناکرێت، جا چ حوکمی بێت یان تایبەت.

ر) بەپێی شێوازی پارەدان تۆی ڕیکلامکەر یەکێک لەم دوو پۆلە دەتگرێتەوە: بریاکری invoiced یان بریاکری non-invoiced. بریکارانی invoiced ئەو بریکارانە دەگرێتەوە کە مێتا زۆرترین بڕی پارەدانی بۆ دیاری کردوون و جار جار بەپێی مەرجەکانی فەسڵکردنی کارپێکراو کاروباری پارەدانیان بۆ دابین دەکات. بریکارانی فەسڵنەکراو (non-invoiced) ئەو بریکارانەن کە دەبێت لە کاتی ئەنجامدانی کڕینەکەدا پارە بدەن. بە ئارەزووی خۆی، مێتا دەتوانێت بریکارەکان وەک کڕیاری فەسڵکراو پۆلبەندی بکات بە پشتبەستن بە چەند هۆکارێکی وەک: ڕێژەی خەرجکردنی ناو ڕیکلامەکان و جێی متمانەبوون و باوەڕمەندیان.

٥) تۆ لەوە تێگەیشتوویت کە ئێمە جارجارە تاقیکردنەوەکان لەسەر ڕووکارەکانی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان و سیستەمە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدەین، ئەمەش لەوانەیە کاریگەری لەسەر بەکارهێنان و ئەزموونەکردنی تۆ هەبێت، یەکێک لەوانەش ئەدا و توانستی هەڵمەتەکانی ڕیکلامەکەیە. تۆ درک بەوە دەکەیت و ڕەزامەندیت لەسەر ئەوەی کەوا لەوانەیە ئێمە تاقیکردنەوە ئەنجام بدەین وەک لەم مەرجانەدا باس کراوە، لەوانەش هەڵسەنگاندنی کاریگەر، ئاستی پەیوەندیدارییەتی، نرخدانان، ڕاپۆرتلەسەردان، دیاریکردنی ئامانج و گەیاندن و گواستنەوەی ڕیکلامەکان.

٦) ئێمە بڕیار لەسەر قەبارە و جێگیرکردن و شوێنی ڕیکلامەکانت دەدەین.

٧) دانانی خشتەی ڕیکلامەکان پەیوەستە بە بەردەستبوونی خزمەتگوزارییەکان و لەوانە نییە بەردەوام هەبێت.

٨) ئێمە گرەنتی ڕێژەی گەیشتن بە بینەران یان کارایی و ئەدای ڕیکلامەکانت ناکەین، وەک ئەوەی چەند کەس ڕیکلامەکانت دەبینن یان ڕیکلامەکانت چەند کلیکیان لەسەر دەکرێت.

٩) ئێمە ناتوانین کۆنتڕۆڵی ئەوە بکەین کە چۆن چۆنی کلیکەکان لەسەر ڕیکلامەکانت دروست دەبن. ئێمە چەند سیستەمێکمان هەیە کە هەوڵی ئەوە دەدات هەندێک چالاکیی پەیوەست بە کلیکەکان دەستنیشان بکات و فلتەریان بکات، بەڵام ئێمە بەرپرس نین لە ساختەکاریی ژمارەی کلیکەکان، کێشە تەکنیکییەکان، یانیش هەر چالاکییەکی دیکەی پەیوەندیدار بە ژمارەی نادروستی کلیکەکانەوە کە ئەگەری دروستکردنی کاریگەرییان هەبێت لەسەر تێچووی ئەو ڕیکلامانەی کە کاران.

١٠) مۆڵەتی پیشاندانی ڕیکلامەکەت لە لای ئێمە کۆتایی پێ دێت کاتێک ئۆردەرەکەت تەواو جێبەجێ دەکەین. بەڵام تۆ دەبێت لەوە تێبگەیت کەوا:

أ) کاتێک ڕیکلامێک بڵاو دەبێتەوە، بە زانیاری گشتی هەژمار دەکرێت. لەوانەیە شەیر بکرێت و بگاتە دەرەوەی بینەرانی مەبەست (لە ڕێگەی پەیج یان پرۆفایلی فەیسبووک، ئەکاونتی پیشەیی ئینستاگرام کە ڕیکلامەکان بەڕێوەدەبات یان لەناو بەرهەمەکانی مێتادا). ئەگەر بەکارهێنەران کارلێک و بەریەککەوتنیان لەگەڵ ڕیکلامەکەتدا هەبێت (بە لایک و کۆمێنت و شەیر)، بۆی هەیە ڕیکلامەکەت لە ڕیزی بەرهەمەکانمان بمێنێتەوە(بۆ نموونە، بە شەیرکراوی دەمێنێتەوە هەتاوەکو ئەو کاتەی بەکارهێنەرەکە دەیسڕێتەوە یاخود بینراو و بەردەستە بۆ بەکارهێنەرەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی ( tools) ناو ئەکاونتەکانیانەوە).

ب) ئەگەر ڕیکلامەکەی تۆ لەسەر <u>پرس و باسە کۆمەڵایەتییەکان</u>، <u>هەڵبژاردنەکان</u> یان <u>سیاسەت</u> بێت، مێتا لەوانەیە (بەبێ هیچ تێچوونییەک لەسەر تۆ) بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە دوای تەواوبوونی تەڵەبییە و داواکارییەکەتەوە، گەیشتن بە ناوەڕۆکی ڕیکلامەکەت و زانیاری دەربارەی ڕیکلامەکەت دەستەبەر بکات (وەک بڕی گشتیی پارەی خەرج کراو و داتای گەیاندن و گەیشتنەجێ و زانیاریی ئامانجە دیاریکراوەکان (target)).

ت) تۆ ڕەزامەندیت لەسەر ئەوەی کە ڕێگە بە مێتا بدەیت ناوەڕۆکی ڕیکلامەکانت، و هەموو زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕیکلامەکانت، بۆ دامەزراوەیەکی حکومی یان دەزگایەک ئاشکرا بکات ئەگەر مێتا پێی وابوو ئەو ئاشکراکردنە ببێتە هۆی یارمەتیدان لە حاڵەتی لێکۆڵینەوەیەکی یاساییدا.

١١. ئێمە ڕاپۆرتت بۆ دەستەبەر دەکەین لەسەر جۆری ئەو کەسانەی کە ڕیکلامەکانت دەبینن، هەروەها لەسەر ئەوەی کە ئەدا و کاردکردنی ڕیکلامەکانت چۆنە. بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتانە لەلایەن تۆوە پەیوەستە به سنووردارییەتی بەکارهێنانی داتاکان لە سیاسەتەکانی ڕیکلامکردنەکانی ئێمەدا. لەوانەیە ئێمە زانیاری دەربارەی ژمارەی ئەو ڕیکلامانەی کە بۆ بزنسەکەی تۆ کارا و بەردەستە لە سەرانسەری بەرهەمەکانی مێتادا دەستەبەر بکەین لەگەڵ هەر سنووردارکردنێک کە ئەو جۆرە ڕیکلامانانە دەگرێتەوە.

١٢. ئێمە ئامرازگەلێک دەستەبەر دەکەین کە شەفافیەت بە بەکارهێنەرانمان دەبەخشن دەربارەی چۆنیەتی کارکردنی ڕیکلامەکانی مێتا، هەروەها دەربارەی شێوازی جڵەوکردنی ئەو ئەزموونەی کە بەکارهێنەرەکان لە ڕیکلامەکاندا دەیانبێت، ئەو ئامرازانەش چەند شتێک دەگرێتەوە لەوانەش پێدانی زانیاریی پێویست بۆ ئەوەی بۆیان ڕوون بکاتەوە هۆکاری هاتنەپێشەوە و دەرکەوتنی هەندێک ڕیکلام لە لای ئەوان چییە. تۆ ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر ئەوەی کە ئەو زانیاریانەت کە پەیوەستن بە ڕیکلامەکانتەوە، لەوانەیە بەشێک بن لەم ئامڕازانەی کە باسکراون، لەسەر ئەوەش ڕەزامەندیت کە ئەگەر هەیە ئەم ئامرازانە کاریگەری دروست بکەن لەسەر توانستی تۆ بۆ پیشاندانی ڕیکلام بە ئەو بەکارهێنەرانەی کە نایانەوێت یاخود ڕێگرییان کردووە لە بینینی ڕیکلامەکانت.

١٣. بەبێ مۆڵەتی نووسراوی پێشوەختەی ئێمە، تۆ ناتوانیت هیچ بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی دەربکەیت یان هیچ لێدوانێکی گشتی بدەیت سەبارەت بە پەیوەندییەکانت لەگەڵ مێتا خۆیدا یاخود لەگەڵ بەرهەمەکانی مێتادا.

١٤. ئەگەر تۆ بە ناوی کەسێکی ترەوە ڕیکلامەکانت جێگیر کرد، پێویستە مۆڵەتت هەبێت بۆ جێگیرکردنی ئەو ڕیکلامانە، و ڕازی بیت بەم خاڵانەی خوارەوە:

أ) تۆ نوێنەرایەتی و گەرەنتی ئەوە دەکەیت کە تۆ خاوەنی بەرپرسیارییەتیت و ڕیکلامکەرەکە وابەستەی ئەم مەرجانەی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان و مەرجەکانی خزمەتگوزاری و مەرجەکانی مامەڵە بازرگانییەکان دەکەیت، هەروەها بە هەموو ئەمانە ڕازیت.

ب) ئەگەر ئەو ڕیکلامکەرەی کە تۆ نوێنەرایەتی دەکەیت مەرجەکانی ڕیکلامی خزمەتگوزارییە خۆییەکان، مەرجەکانی خزمەتگوزاری، یان مەرجەکانی مامەڵەی بازرگانی پێشێل بکات، ئەوا لەوانەیە ئێمە تۆ بە بەرپرسیار دابنێین لەو پێشێلکارییە.

ت) تۆ ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر ئەوەی کە لەوانەیە ئێمە زانیاری ڕاپۆرتی هەڵمەتەکە بدەین بە ڕیکلامکەری کۆتایی کە تۆ هەڵمەتەکەت بۆی جێگیر و دەستەبەر کردووە.

١٥) لەوانەیە داوات لێ بکەین کە پێداچوونەوە بە مەرجە ئیزافییەکاندا بکەیت و ڕازی بیت پێیان کە بەکارهێنانێکی تۆ بۆ تایبەتمەندییەکی دیاریکراو دەگرێتەوە یاخود بەکارهێنانێکی تۆ بۆ کاراییەکی تایبەت دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی ڕووکارەکانی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکانەوە دەستەبەر کراون و تۆش لەگەڵیاندا دەگونجێیت و ڕازیت پێیان. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر هاتوو ئەم مەرجە ئیزافیانە لەگەڵ ئەم مەرجەکانی ڕیکلامی خزمەتکگوزارییە خۆییەکاندا ناکۆک بوون، ئەوا مەرجە ئیزافییەکان پەیڕەو دەکرێن بۆ ئەو مەبەستە تایبەتی و دیاریکراوەی تۆ یاخود بە شێوەیەکی کارا هەتا ڕادەی ناکۆکییەکە. لەوانەیە ئێمە جارجارە ئەم مەرجانەی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان بگۆڕین یان نوێیان بکەینەوە، و بەردەوامیدانی تۆ بە بەکارهێنانی ڕووکارەکانی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان دەلالەت دەکات لە قبوڵکردنی ئەو گۆڕانکاریانە لە لایەن تۆوە.

١٦) لایەنی پەیمانبەست:

أ) ئەگەر تۆ لە ئەمریکا یان کەنەدا دەژیت یان بارەگا سەرەکییەکەت لەوێیە، ئەوا دامەزراوەی پلاتفۆرمەکانی مێتا ڕووکاری ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان دابین دەکات.

ب) ئەگەر تۆ لە دەرەوەی ئەمریکا یان کەنەدایت یان بارەگا سەرەکییەکەت لە دەرەوەی ئەمریکا یان کەنەدایە، ئەوا ڕووکارەکانی ڕیکلامە خزمەتگوزارییە خۆییەکان لەلایەن Meta Platforms Ireland Limited دابین دەکرێن.

ت) سەرەڕای ئەوانەی پێشوو، لە هەندێک لە وڵاتەکاندا ڕیکلامکەران دەتوانن بڕگەی تایبەتیان هەبێت دەربارەی ئەو تەڵەبیات و داواکارییانەی کە جێگیری دەکەن، لەوانە، لە هەندێک بارودۆخدا، گرێبەستکردن ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی مێتادا تەنها بە مەبەستی دانان و جێگیرکردنی داواکاری و تەڵەبیات. ئەگەر ئەمە تۆش دەگرێتەوە، دەتوانیت لێرە ئەو بڕگە تایبەتانە بدۆزیتەوە کە داواکارییەکانتان دەگرێتەوە.

ث) بۆ دوورکەوتنەوە لە گومان، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە تۆ گرێبەست لەگەڵ کێدا دەکەیت (وەک لە بەشی ١٦.أ، ١٦.ب دا، و ١٦.پ دا باسکراوە)، سیاسەتەکانی ڕیکلامکردنی مێتا (و ڕێساکانی ستاندارده کۆمەڵایەتییەکانی) لە ژێر مەرجەکانی خزمەتگوزاریەوە پشتگیری لێ کراون لەلایەن ئەو لایەنانەی کە بەرهەمەکانی مێتا دابین دەکەن و بە گوێرەی مەرجەکانی خزمەتگوزاری، کە لە ناوچەکەی تۆدا کارپێکراوە، جێبەجێ دەکرێن.

١٧) هەر بانگەشەیەک، هۆکاری کردارێک، یان هۆکاری ناکۆکییەک کە لە مەرجەکانی ڕیکلامی خزمەتگوزارییە خۆییەکاندا سەرهەڵبدات یان پەیوەندی بەوانەوە هەبێت، دەچنە ژێر بڕگەی چارەسەرکردنی ناکۆکی لە مەرجەکانی مامەڵەی بازرگانی دا.

١٨) ئەم مەرجانەی ڕیکلامی خزمەتگوزارییە خۆییەکان کارپێکردنیان نامێنێت ئەگەر مەرجەکانی مامەڵە بازرگانییەکان کارپێکردنیان نەما، بەڵام ئەم بڕگانەی خوارەوە بەردەوام دەبن: بڕگەی پێشەکی و بەشی ٢ و ٤، ٨ تا ١٢ و ١٥ تا ١٨.

ڕۆژی کارابوون: ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣